# حاجیلە

دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ
٤
تشرینی یەکەم
٢٠١٠

گۆڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاڕی گەردوون

حاجی قادری کۆیی





## بێچووی ئاژەڵان

لووتم لوولەیەکی کورتە، کاتێ لە بن ئاو مەلە دەکەم بۆ هەناسەدان بەرزی دەکەمەوە و دەیبەمە دەرەوەی ئاوەکەوە.

دەزانن من کێم؟

من بێچووی (تابێر)م. گیانم بە پێستێکی تووکدار پۆشراوە، هەتا بەچکەم تووکەکەم خەتی سپیی تێدایە و کە گەورە بووم ئەو خەتانە دەسڕێنەوە.

ئا : زەریف



## لەیلاک

لە ئینگلیزییەوە : بابی هیوا - کەرکووک



**نیشتمانی** ئەم گوڵە برێتییە لە ناوەڕاست و باشووری خۆرهەڵاتی ئەورووپا.
لایلاک لە ساڵی ١٥٥٤ـەوە لە ئیتالیا دەڕوێنرێت.
گوڵی لایلاک ڕەنگاوڕەنگن وەک شین و سپی.

## چەند ئامۆژگارییەک

فەهد ئەحمەد - تەکیەی بەر دەربەند



**بۆ** ئەوەی فڵچەی دانەکانتان نەبنە مۆڵگەی بەکتریا زیانبەخشەکان و بۆخۆیان زاوزێ بکەن و زیان بە دانەکانتان بگەیەنن پێویستە ئەم ئامۆژگارییانە لەیاد نەکەن.

١- دوای هەر ددان شۆردنێک جوان فڵچەکەت خاوێن بکەرەوە.

٢- ئەو ئاوەی بە فڵچەکەوەیە دایچۆڕێنە، چونکە تا تەڕایی زۆرتر بێت بەکتریاکان زیاتر گەشە دەکەن.

٣- پاش ددان شۆردنت هەوڵبدە فڵچەکەت نەکەوێتە سەر لا و سەرەکەی پیس بێت و تووشی نەخۆشیی پێست و سکچوون بێت.

٤- هەوڵ بدە فڵچەکەت دوور لە فڵچەکانی تری خێزانەکەت بێت بۆ ئەوەی نەکەونە سەر یەک و زیان بەیەکتر بگەیەنن.

٥- فڵچەکەت دوور لە شوێنی پێشاو دابنێ، چونکە هەر کاتێک کەسێک دەست بە ئاو دەگەیەنێ کۆمەڵێک بەکتریا بڵاو دەبنەوە.

٦- فڵچەکەت بە کەس مەدە و فڵچەی کەس بەکار مەهێنە.

٧- هەر ٣-٤ مانگ جارێک فڵچەکەت بگۆڕە بەمەش چاتر لە بەکتریاکان دوور دەکەویتەوە.





## سکاڵای ژیر

حەمە سەعید زەنگنە - کەرکووک

سکاڵای شەنگ و ناسک
سکاڵای بێچوە ئاسک
سکاڵای گوڵی چوالا
هێشتا زارۆکی ماڵە
ئەم گوڵۆکە هەنارە
تەمەنی پێنج بەهارە
باڵای سێ بست و نیوە
پرچی قەت نەبڕیوە
چاوی وەک ترێ ڕەشە
ڕوومەتەکانی گەشە
زاری خونچیلانەیە
کەپووی خنجیلانەیە
قەدی شلک و باریکە
شەکرە سێوە و فەریکە
ژیکەڵەیە خوێن گەرمە
لە هات و چۆیا نەرمە
ڕووی ڕوونە وەک ئاوێنە
هەموو گیانی خاوێنە
ئەم چوزەرە ڕێواسە
گەر پێت خۆشە بیناسە
خشتەی لێکدان سەر پاکی
لە بەرێتی بە چاکی

شیعری پاراوی کوردی
بۆت دەخوێنێ بەوردی
مەتەڵیش دائەهێنێ
چیرۆک هەر جوان دەخوێنێ
لەشت زۆر ڕائەمێنێ
لە قسە دانامێنێ
لە وێنە و نیگارکێشان
لە نوکتە و شت هەڵهێنان
بلیمەتە بلیمەت
بلیمەتێ پڕ هیمەت
لای خەڵکی زۆر پەسندە
جار جار پێی دەڵێن خەندە
ئەم چرۆ ئێسک سووکە
لە ئازادی کەرکووکە



بێلان - کەرکووک

# فەرهەنگی حاجیلە



**ئەلفابێت alphabet**
ئەلفبێ
ئەلفبێ برێتییە لەو پیتانەی کە لە نووسیندا بەکار دێن و، بە شێوەیەکی دیاریکراو ریز کراون و، هەر زمانێکیش ئەلفبێی خۆی هەیە، بۆ نموونە ئەلفبێی کوردی بە پیتی (ئـ) دەست پێ دەکات و بە پیتی (ی) تەواو دەبێت.

**ئۆلوەیس always**
گشت جارێک یان بەردەوام
بە شتێک دەگوترێت بەردەوام یان هەموو جارێک روو بدات.

**ئە مبیو لا نس ambulance**
ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتن
ئەمبیولانس جۆرە ئۆتۆمۆبیلێکی تایبەتە بۆ گواستنەوەی خەڵکی بریندار و نەساخ بۆ نەخۆشخانە و هەندێ کەرەستە پزیشکیی پێویستی تێدایە.

**ئەمفیبیەن amphibian**
وشکاوەکی
وشکاوەکی بەو گیاندارانە دەگوترێ کە ژیانیان لە ناو ئاودا دەست پێ دەکات و دواتر دەگۆڕێن و دەتوانن لەسەر زەویش بژین. بۆ نموونە بۆق وشکاوەکییە.

**ئەینشێنت ancient**
دێرین
هەر شتێک زۆر کۆن بێت ئەوا دێرینە. وەک قەڵای کەرکووک و قەڵای هەولێر.

**ئەنگری angry**
توورە
هەر کەسێک نارەحەت بێت و بیەوێت شەڕ و هاوار بکات، پێی دەگوترێ توورە بووە.

## ماراسۆن

بروا رەزاق - هەولێر



لە کەناری یۆنانی کۆن دەڤەرێک هەبوو ناوی ماراسۆن بوو، تێیدا شەرێک لە نێوان فارس و گریکەکاندا رووی دا. لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا هیچ ئامرازێکی پێوەندی کردنی وەکو تەلەفۆن و مۆبایل و تەلەگراف نەبوون، سەربازێکی گریک بەناوی فیدیبیدیس ناچار بوو ماوەی ٤٠ کیلۆمەتر رابکات تا بگاتە ئەسینای پایتەخت، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان لە هێرشی فارسەکان ئاگادار بکاتەوە.
پاش ئەوە فیدیبیدس گەیشتە ئەوێ و لە ماندوێتیدا مرد. ئیدی لەمەوە بیرۆکەی پێشبڕکێی راکردن پەیدا بوو و ناوی ماراسۆنی لێ نرا.



## ماکدۆناڵد

و: شکور سابیر-هەولێر



لە جیهاندا زیاد لە ٣٠ هەزار چێشتخانەی ماکدۆناڵد، لە ١١٩ وڵاتدا هەن، (١٣ هەزاریان لە ئەمەریکان) نێزیکەی ١،٥ ملیۆن کرێکار کاریان تێدا دەکەن. رۆژانە ٤٨ ملیۆن ژەم خواردن پێشکێش بە کریاران دەکەن.
لە دوای ئەمەریکا، ژاپۆن زۆرترین ژمارەی چێشتخانەی ماکدۆناڵدی تێدایە، دەگاتە ٣٠٠٠ چێشتخانە. لە دوای ئەویش بەرازیل و ئەڵمانیا و ئینگلتەرە دێن. کە لە هەر یەکێکیاندا ١٠٠٠ چێشتخانە هەن، لە هۆڵەنداش ٢٠٠ چێشتخانەن.
یەکەمین چێشتخانەی ماکدۆناڵد لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٥٥ کرایەوە و ماکدۆناڵد کۆمەڵێک کۆمپانیای جوولەکەن، پێشەنگن لە دروستکردنی کۆکاکۆلا و کنتاکی و پیتزا و هەمبەرگەر و دەیان خواردنی تر.

## ئوتێلێک لە ئاسمان

شاڵاو ئەمین - گوندی قوجەلەر



**بۆ** هەنگاونان لەگەڵ سەردەمی گەشتوگوزار و هاندانی خەڵک بۆ گەشت کردن لە ئاسماندا لێپرسراوانی ئاژانسی ئاسمانیی رووسیا ئاشکرایان کرد کە رووسیا ئامێرێکیان (مانگی دەستکرد) رەوانەی ئاسمان کردووە کە پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا بکرێت بە ئوتێل.
ئاژانسەکە ئەوەشی گوتووە کە ئەو مانگە دەستکردە (روبەرت بیجلو) نەخشەسازیی کێشاوە کە خاوەن ئوتێلێکی ناسراوە لە لۆس ئەنجلس. بۆ ئەو گەشتیارانەی کە پێیان خۆشە لە ئاسمان بمێننەوە.
وا چاوەروان دەکرێت ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٥ تەواو بێت و نێزیکەی ٥٠ ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت بەو شێوەیەش ئامادە دەبێت بۆ پێشوازی کردنی میوانەکان.



### ئایا دەتوانی سێ جاران لەسەر یەک بڵێی:

**عەزە قۆڵ کوڵ حەوت کوری قۆڵ کوڵی هەبوو**

رێژنە کاروان/قوتابخانەی زانست/ گەرەکی پەنجەعەلی

# وزە دەگۆڕێ نافەوتێ

جەلیل محەمەد شەریف-کەرکووک

کاتێ مرۆڤ لە سروشت ڕادەمێنێ چەندین شێوە لە وزە دەبینێ یان هەستیان پێ دەکا، بۆ نموونە وزەی ئەلیکتریک، وزەی ڕووناکی، وزەی جوولە یان بزووتن...

ئەزموونەکانی زانست بۆمان دەردەخەن ئەم وزانە هیچیان نافەوتێن و لە سروشتدا هەر دەمێنن بەڵام دەکرێ شێوەکانیان بگۆڕێ، بۆ نموونە دەتوانرێ وزەی ئەلیکتریک بگۆڕینە وزەی جوولە یان وزەی گەرمی یان وزەی ڕووناکی.

ئەو وزە ئەلیکتریکییە کە لەنێو پیلدا هەیە دەتوانین بیگۆڕینە وزەی ڕووناکی بەشێوەی گڵۆپ، ئەمەش لە زۆر ئامێر و جۆرەکانی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین و دەبیستین، بەڵام ڕاستییەک هەیە دەڵێ هیچ وزەیەک نافەوتێ، بەو ڕاستییەش دەگوترێت یاسای پاراستنی وزە.

# ڕەنگەکان

٧ ئازاد کەریم-سەنگاو

ئاشکرایە گە ڕەنگە سەرەکییەکان ئەمانەن

**سوور ، زەرد ، شین**

بەتێکەڵ کردنی ئەم ڕەنگانەش چ ڕەنگێکمان دەست دەکەوێ:

سپی و ڕەش:

سوور و زەرد:

شین و سوور:

شین و زەرد:

سوور و شین و زەرد:



# ڕێویی فێڵزان

وەرگێڕانی: سیلڤانا - کەرکووک


























به دەنگێکی لەرزۆکەوە، ڕێوی بە کەڵەشێرەکەی وت «سڵاو پاشای باڵداران و، گەورەی بێ هاوشانی مریشکان».

With a weak voice, the fox said to the rooster. «Hello, king of the birds and undisputed master of the hens!»



کەڵەشێر وەڵامی دایەوە «مەبەستت لەم قسە رازاوانە چییە؟ ڕێوییە شەلە... ناتوانی کەمێک ڕاستگۆ بیت؟»

The rooster asked: «Why the flattery talks? crippled fox... Can't you be sincere?»



ڕێوییەکە داردەستەکەی فری دا و بە کەڵەشێرەکەی وت «تۆ زۆر باشی... کەس ناتوانێ هیچت لێ بشارێتەوە».

The fox threw the stick away and said to the rooster. «You are too good... One can hide nothing from you!»



ڕێوییەکە وتیشی «لە ڕاستیدا من ویستم تاقیت بکەمەوە و بزانم ئایا شایانی پلەوپایەی گرانی بوون بە پاشایت».

«As a matter of fact, I wanted to test you to see whether you fulfil the difficult role of a king!»



«ژمارەیەک مریشک متمانەیان بە منە و ئەرکی دۆزینەوەی کەڵەشێرێکی جوان و ئازایان پێم سپاردووە».

«A community of hens have entrusted me with the task of finding a beautiful and brave



«کەڵەشێرێک کە پۆپیتەیەکی جوانی هەبێت بۆ ئەوەی بکرێت بە پاشای ئەوان. خواحافیز، من کاتم بە دەستەوە نییە بە فیرۆی بدەم».

«A rooster with a beautiful comb who would be crowned as their king. Farewell, I have no time to waste».





ڕێوییەکە ڕۆیشت، بەڵام هەنگاوەکانی زۆر کورت بوون، بەو ئومێدەی کەڵەشێرەکە بە بێ دواکەوتن دوای بکەوێت.

The fox left, moving in small paces, hoping for the rooster to follow without delay.



ڕێوییەکە بۆ چرکەساتێک لە بیرەبیردا بوو. تۆ بڵێی کەڵەشێرەکە ڕای خۆی بگۆڕێت؟

The fox was worried for a moment. Did the rooster change his mind?



بەڵام ڕێوی بە دڵخۆشییەوە کەڵەشێرەکەی لە بەردەم خۆیدا بینییەوە، کە هەنگاوی گەورەگەورەی هەڵدەهێنا.

The fox was pleasantly surprised to find the rooster in front, walking in large paces.



«کەڵەشێرێک کە پۆپیتەیەکی جوانی هەبێت بۆ ئەوەی بکرێت بە پاشای ئەوان. خواحافیز، من کاتم بە دەستەوە نییە بە فیرۆی بدەم».

The fox caught the «feather-brained» rooster who believed the flatterer. Then, the fox strangled him.



ڕێوییەکە ڕۆیشت، بەڵام هەنگاوەکانی زۆر کورت بوون، بەو ئومێدەی کەڵەشێرەکە بە بێ دواکەوتن دوای بکەوێت.

While plucking the rooster, the fox had saliva dripping from his mouth. What a well-deserved feast.



ڕێوییەکە بۆ چرکەساتێک لە بیرەبیردا بوو. تۆ بڵێی کەڵەشێرەکە ڕای خۆی بگۆڕێت؟

Satisfied, the fox thought: «Now, let's look for another «pretentious».



## گاندی

ڤانە شالۆ - کەرکووک

**مەهاتما** گاندی لە ساڵی ١٨٦٩دا لە هیندستان هاتووەتە دنیاوە. باپیری، پاش ئەویش باوکی، سەرۆک وەزیرانی میرنشینی پۆربەندەر بوونە. گاندی بەپێی دابونەریتی ئەوسای کۆمەڵگەکەی لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا ژنی هێناوە. لە ساڵی ١٨٩١دا بڕوانامەی لە بواری یاساناسی لە ئینگلتەرەدا بەدەست هێنا.

گاندی شێوازی بەرگریی ئاشتیخوازانەی دامەزراند، کە بەرەوتێکی نوێی تێکۆشانی سیاسی ناسرا بوو بە ناسنامەی فەلسەفەی ناتوندوتیژی. ساڵی ١٩١٨ تاکو ١٩٢٢ دژ بەسیاسەتی بەریتانیا ڕاوەستا و داوای سەربەخۆیی تەواو و یەکجارەکی بۆ هیند کرد.

لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا گەنجێکی ڕەگەزپەرستی هیندۆس بە ٣٠ گولله کۆتایی بەژیانی ٧٩ ساڵەی گاندی هێنا.

## پەیکەری ئازادی

خالید عەبدل-چەمچەماڵ



**پەیکەری** ئازادی یەکێکە لە شوێنە دیار و بەناوبانگەکانی ئەمەریکا. کە لە شاری نیویۆرک دانراوە، پەیکەرتاشی فەرەنسی (فریدریک بارتۆلدی) هێڵکاری و دیزاینی بۆ کردووە. بەڵام ئەندازیاری فەرەنسی (ئەلیکسەندەر گۆستاڤ) دروستی کردووە.

پەیکەرەکە لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٦ دانرا.

لە ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە خرایە ناو لیستی شوێنەوارە جیهانییەکانەوە.

سەرجەم درێژیی پەیکەرەکە بە بناغەکەیەوە ٩٣ مەترە و پانییەکەشی ٤٧ مەترە، کێشەکەشی ١٢٥ تۆنە، بەڵام درێژیی پەیکەرەکە لە پێی ئافرەتەکەوە تاوەکو سەری مەشخەڵەکە دەگاتە ٤٦ مەتر.

ئەو پەیکەرە ڕۆژانە هەزاران گەشتیاری ناوخۆ و دەرەوە ڕووی تێ دەکەن و کاتێکی خۆش لەوێ بەسەر دەبەن.

## ڕووەکەکان چۆن لەسەر زەوی پەیدابوون



نەخشین حەمە- دارەتوو

**لێکۆڵینەوەکان** دەریانخستووە، کە لە پێش دوو هەزار ملیۆن ساڵ ڕووەکەکان لە دەریاوە گەشەیان کردووە و بەرەو زەوی کشاون. سەرخەسیش یەکەم ڕووەک بووە کە ڕەگ و قەد و گەڵای هەبووە و یەکەمین دار بووە لە ڕێگەی تۆوە زیادی کردووە.

پێش ٣٠٠ ملیۆن ساڵیش دار لەسەر وشکانیدا پەیدابووە و تۆوەکەی لە گۆزەدا هەڵگیراوە. زۆربەی زنجیرە چیاکانی ئەمرۆ، بەداری سنەوبەر داپۆشراون، یەکەمین گوڵیش پێش ١٥٠٠ ملیۆن ساڵ پەیدا بووە و وردە وردە جۆر و ژمارەکانی زیادیان کردووە.





## ماکیاڤیلیزم

سیڤەر یوسف - لەیلان

ئەم زاراوەیە لە ناوی «نیکۆلۆ دی بیرناردۆ میکیاڤیللی»ی نووسەر و سیاسەتوانی ئیتالییەوە وەرگیراوە، کە لە کۆتایی سەدەی پازدەیەم و سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا ژیاوە.

ئەو لە کتێبەکەیدا (میر) ئامۆژگاریی دەسەڵاتدارانی ئیتالیای کردووە، کە لە پێناوی گەیشتن بەئامانجی خۆیاندا سڵ لە هیچ خراپەکارییەک نەکەنەوە.

وشەی ماکیاڤیلیزم بەمانای ئەو سیاسەت و ڕەوشتە دێت، کە لە پێناوی گەیشتن بەئامانجدا لە هیچ شتێک لانەدات و هەموو ڕێزێکی ئاکاری و مرۆیی و ڕێز و گەورەیی بکات بەژێر پێوە. بەواتایەکی تر ماکیاڤیلیزم مانای پشتگوێ خستنی هەموو یاسا و نەریت و عورف و عادەتێکی کۆمەڵ و پێشێل کردنی ویژدان و ڕاستی و دادپەروەرییە لە پێناوی گەیشتن بەئامانج.

## یونیسیف UNICEF

unicef

سندووقێکی دارایی نێودەوڵەتیی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانە، بۆ کاروباری پێویستی منداڵان خەرج دەکرێت. لە ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦دا لە لایەن کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزرا. ئەرکی سەرشانی ئەم ڕێکخراوە چاودێریی کردنی تەندروستیی منداڵان و جێبەجێ کردنی بەرنامەی خۆشگوزەرانیی منداڵانە لەو وڵاتانەدا کە بەهۆی کارەساتی جەنگی دووەمی جیهانەوە زیانیان لێ کەوتووە. ئەم سندووقە لە شاری نیویۆرک لەلایەن ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەڵکە خێرخوازەکانەوە باربوو دەکرێت.

ڕێبین نەسر-سەرچنار

## خەڵات



ئاشەوان خۆی و کچەکەی.
باڕاشهێر خۆی و ژنەکەی. سێ
کولێرەیان هەیە و هەر یەکەو
کولێرەیەک دەخوا.

## مەتەڵ

عوسمان دەروێش شکور- کەرکووک

مەتەڵ سێ پیتە ئەمجارە
میوەیە. لەبەری دارە
ڕەنگی سوورە یاخود زەردە
بەسوودە لابەری دەردە
ڕۆژی یەک دانەی لێ بخۆ
دەوا و دەرمانت ناوێ تۆ
مەتەڵ هەڵبێنە و ببینە
چەند تامی خۆشە و شیرینە

## شێنێ و شەنگوڵ

کوردستان محەمەد_ کەرکووک

# چیرۆک



**دکتۆر** شـێنێ پووری شەنگوڵە، ڕۆژێک کە بە میوانی لەماڵیان بوو، شەنگوڵ پرسیی: پوورە گیان بۆچی کاتێ نەخـۆش سـەردانی دکتۆر دەکات یەکسەر پێی دەڵێت: زارت بکەرەوە و زمانت دەربێنە؟

دکتۆر شێنێ لە وەڵامدا گوتی: شـەنگە گیـان دیـارە لـەم دەمکردنەوەیەدا نهێنییەک هەیە.

شەنگە گوتی: چۆن؟

دکتۆر لە وەڵامدا گوتی: زۆرجاران پزیشـک بەهۆی ڕەنگی زمانەوە نەخۆشـییە کە دەستنیشـان دەکات. بـۆ نموونە: هەر کاتێک ڕەنگی زمانی نەخۆش زەرد بوو، ئەوا بەڵگەیە لەسەر هەبوونی زەرداوی زیادە لە خوێنی نەخۆشدا، ئەگەر شین بوو ئەوا نەخۆشـیی لە دڵ و کۆئەندامی هەناسـەیدا هەیە، ئەگەر سـوورێکی پەمەیی بوو ئەوا نیشـانەی تەندروسـتیی باشی مرۆڤەکەیە.

شەنگە پرسیی: ئەگەر سوورێکی کاڵ بوو؟

دکتۆر گوتی: ئەوە بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەنیمیا.

شـەنگە جارێکی دی پرسـییەوە: باشـە پـوورە زۆر جاران چینێکی سـپی سـەر زمانی داپۆشـیوە؟ پووری گوتی: ئەوە بەڵگەی ناتەواویی کۆئەندامی هەرسە، شەنگە کەمۆکەیەک کـز بوو، پووری هەڵیدایە و گوتی: هـەر کاتێکیش لە کاتی دەرهێنانی زمان هەستمان بە گڕژی کرد ئەوا بێگومان تووشی ژەهراوی بوون بووینە یان ناتەواوییەک لە دەمارەکاندا هەیە.

کەواتـە ئێمە بـەم زانیاریانە لەبـەر ئاوێنە دەتوانیـن بڕێک لەخۆمـان حاڵـی بیـن. دکتـۆر، بەپێکەنینەوە گوتـی: بەڵێ دەتوانیت شەنگە گیان.

## ڕەنگەکان

هەورامان رزگار-پردێ



لە نـاو جانتـای منداڵێکـدا هـاوار هاوارێک هەڵسـتا، ئەمەدەزانی چییـە، جانتاکەم دانا و بینیـم کە ڕەنگەکانم هاوار هاواریانە.

وتم: چیتانە، وتیان ئێمە ڕقمان لە ڕەنگی ڕەش و سپییە، منیش وتم بۆچـی؟ وتیان ئێمە لە ڕووناکیدا سـوور و سـەوز و زەردین، لەبەر ئەوە ڕقمان لە سـپی و ڕەشە، یەکێک لە ڕەنگەکان: ئێمـە زەردی ڕەنگ دەکەین، ڕەش ڕەشـی دەکاتـەوە. ئەویش خۆی دەهێنێتە سـەرمان و ڕەشـمان دەکات. سـپیش لەبەر ئەوەیـە ڕەنگەکانمان ناگۆڕێت هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە. منیش وتم باشـە ئێـوە لێـرە دەربکەم یان ڕەش و سـپی، ئـەوان وتیان کەسمان دەرمەکە چونکە ئەگەر ١٢ برا بین ١٠ دەمێنین، ئەگـەر ئێمـەش بڕۆین ٢ دەمێنین. منیـش وتـم: باشـە هەمووتـان دەردەکـەم کەسـێک نایەڵـمەوە، ئەوانیـش وتیان باشە کەسمان دەرمەکە ئێمەش ڕەش و سپی دەکەینەوە برای خۆمان دەبینەوە بە ١٢ برا. منیش وتم باشـە ئیتر هیچ کات هاوار هـاوار مەکەن، منداڵە ئازیزەکان خۆتان وەکو ڕەنگـەکان توورە مەکەن لەگەڵ براکانتانا، چونکە برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لای خوا بێت.



## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

فەرهەنگ جەمال-کانی شەیتان

– ددانی شیری لە منداڵدا
– ٢٠ ددان
– ١٥ ددان
– ١٠ ددان

٢- پێستی مرۆڤ لە چەند چین پێک هاتووە؟
– یەک چین
– دوو چین
– سێ چین

٣- هیتلەر کـەی خـۆی کوشت؟
– ساڵی ١٩٣٥
– ساڵی ١٩٤٠
– ساڵی ١٩٤٥

٤- کـەی یاریـی باسـکە داهێنرا؟
– ساڵی ١٨٩١
– ساڵی ١٩٩١
– ساڵی ١٧٩١

٥- جاڵجاڵۆکـە تـا چەند مانگ بێ خواردن دەژیی؟
– ١ مانگ
– ٥ مانگ
– ١٠ مانگ

## ئەمانە بزانیت خراپ نییە

ساڵی ١٩٣٤ ئوسترالیا جامی جیهانی بردەوە.
ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەم جار میسر میوانداریی جامی جیهانیی تۆپی باسکەی کرد.
ڕەنگـی بازنەکانی ئـاڵای ئۆلۆمپی: شـین، زەرد، ڕەش، سەوز، سورە.
سوان یەکەم کەس بوو کە تیشکی دۆزییەوە.
جەنگی جیهانیی یەکەم ١٥٦٧ ڕۆژی خایاند.
زەریای هێمن گەورەترین زەریایە.
وشترمرغ (نەعامە) گەورەترین باڵندەیە.
بەرزیی دیواری کەعبە ١٥ مەترە.
شاری لۆس ئەنجلس لە ئەمەریکا واتە شاری فریشتەکان.
ساڵی ١٨٠٤ یەکەم شەمەندەفەر دروست کرا.

نەسرین شەیدا-خورماتوو



## بۆن لە کوێ بدرێ باشە؟

چاوان عەلی - کەرکووک

**بەهۆی** لێدانی بۆنی خۆشەوە هەست بەچالاکیی زیاتر دەکەین و بەکارهێنانی بـۆن بەتەواوکاریـی ڕێکپۆشـیمان دادەنرێـت، بەڵام هەندێ جـار هەڵە لە بەکارهێنانـی بۆندا دەکەین و نازانین لە کوێی جەسـتەمانی بدەین، جاروباریش بەهەڵـە ڕاسـتەخۆ لـە جلوبەرگمانی دەدەین.

کاتێـک بەپەنجە بۆن لە شووشـەکەدا دەردێنین و ڕاسـتەوخۆ پێسـتمان بەر شـلەی بۆنەکـە دەکەوێـت، چەوریی سروشتیی پێستمان تێکەڵی بۆنەکە دەبێ و کار دەکاتە سـەر سروشتی بۆنەکە و هەندێ جار بۆنەکەشـی دەگۆڕێ، بۆیە بەپێویسـت دەزانرێ کە بۆنەکە بخرێتە سەر پارچە پەموویەک، ئینجا لە پێست بدەیت. بەهیچ شـێوەیەکیش نابێ بۆن ڕاسـتەوخۆ لە جلوبەرگ بدرێ، چونکە هەندێ جـۆری قوماش هەیـە، بۆنەکە کاری تـێ دەکا و ڕەنگـی دەگـۆڕێ و پەڵەی نەویستراو لە شوێن خۆیدا بەجێ دێڵێت.

باشـترین شوێنی لەشـی مرۆڤیش کە بۆنی لـێ بـدرێ، پەنا گـوێ و لا ملە، چونکە ئەم شـوێنانە نێزیکن لە ترپەی دڵ و کارلێـک لەگەڵ بۆنەکەدا دەکەن و بۆنەکە درێژترین ماوە دەمێنێتەوە.

## پەڵەی سپیی سەر نینۆک



زۆر جاران پەڵـەی سـپی لەسـەر نینۆکەکانمان دەبینیـن، هەنـدێ کـەس وا دەزانـن هۆکاری پەیدابوونەکـەی کەمیی کالیسـیۆمە لە لەشـدا، بەڵام وا نییە، هۆکارەکەی لە ئەنجامی بەرکەوتنی شـتێک بـە شـوێنێکی نینۆکماندا پەیـدا دەبێت.
چونکە نینۆک بەشـێوەیەکی زۆر لەسـەرخۆ گەشە دەکات، هەربۆیە ئەو پەڵە سـپییانە دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا دەردەکەون، هەر لەبەر ئەوەش ماوەیەکی زۆری دەوێ هەتا بزر ببێت.
دەبـێ ئەوەش بزانین هەندێ جاریش هۆکاری پەیـدا بوونەکەی بەدخۆراکییە بەتایبەتی لەو منداڵانـەی کە پرۆتین لە خوێنیاندا کەمە. کەواتە دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ پێوەندییەکی بە کەمیی کالیسیۆمەوە نییە.

شنۆ خالید–چەمچەماڵ

## پێبکەنە تا جوانتر بیت

عەبدولستار جەباری – کەرکووک



رۆژێ مامۆستایەک لە قوتابییەک دەدات، قوتابییەکەش لەترساندا خۆی دەبوورێنێتەوە، مامۆستاکە هەر بەردەوام دەبێ لە لێدانی. قوتابییەکە سەر بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: ئەرێ بووراویشمەتەوە هەر وازم لێ ناهێنێ!!

مامۆستایەک بە قوتابییەک دەڵێ: بچۆ دەرەوە بزانە ئاسمان هەورە یان ساماڵە؟!
قوتابییەکەش دەچێتە دەرەوە و دێتەوە پۆلەکەی و دەڵێ: وەڵاهی مامۆسـتا باران لێ نەگەڕا تەماشای ئاسمان بکەم، تاکو بزانم هەورە یان ساماڵە؟!

مامۆسـتایەک بەقوتابیەک دەڵێ: بڵێ (تراکتـۆر)، قوتابییەکەش زمانی تەتەڵە دەکاو دەڵێ: تە تە تە تە.
مامۆستاکەش دەڵێ: کوڕم وتم بڵێ (تراکتۆر)، نەم وت ئیشی پێ بکە!!!

مامۆستا بەقوتابییەک دەڵێ: دانیشە تەمەڵ هیچ نازانی، بەس دەزانی لووتت بخورێنی!
قوتابی: نا مامۆستا گیان دەزانم سەریشم بخورێنم!!



## فیل چۆن مەلە دەکات؟

شەهلە خالید–چەمچەماڵ



فیل سـەرەڕای قورسـیی کێشـەکەی، وەک هەر گیانداڕێکی شـیردەری تر دەتوانێت زۆر بە ئاسـانی و لێهاتوویی لە ئاودا مەلـە بکات. چونکە هەرچوار پەلی بەخێرایی و سەربەسـتی دەجوولێنێت و بەچاکی سـەر ئاو دەکەوێت و دەشتوانێت لووتە درێژەکەی (لووتی) وەک لوولەک لەژێر ئاودا بۆ هەناسەدان بەکار بهێنێت.
فیل گیانداڕێکی بەهێز و لێهاتووە، دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ مەلە بکات بەبێ ئەوەی ماندوو بێت.
زانایان دەڵێن: فیل لە کۆندا لە هیندستاندا ژیاوە ئینجا بەهۆی ئەوەی کە مەلەی زانیوە، بە مەلەکردن بۆ سـریلانکا ڕۆیشـتووە و لەوێ گیرساوەتەوە و ئێستا ئەوێ بەمەڵبەندی سەرەکیی ئەوان دادەنرێت.



## وشەی نەگونجاو

ئەو وشەیەی لەگەڵ ئەوانی تردا ناگونجێ بیخەرە نێو بازنەوە
– مایین، ئەسپ، هێستر، گا، کەر
– شووتی، کاڵەک، ترۆزی، خەیار، ترێ
– گۆران، مەحوی، نالی، نازم حیکمەت، یەشار کەمال
– گۆلک، جوانوو، کاوڕ، گیسک، بەران
– دووزەلە، زوڕنا، کەمان، ساکسیفۆن، بلوێ

میران جەمال– بازیان

## چەنـد زانیارییـەک لەسەر هەناسەدان؟

هیوا حاجی – دەربەندیخان



گشـت زیندەوەرانی سـەر زەوی بۆ ئەوەی بژین دەبێت هەناسـە بدەن، هەر زینـدەوەرە و ئامرازی تایبەتـی خۆی هەیە بۆ هەناسـەدان، مـرۆڤ بەهۆی سـییەکانییەوە، ماسـی بەهۆی لوتۆکەکانییەوە، کرمی زەوی بەهۆی پێستەوە.
میکانیزمی هەناسەدان لای هەندێک لە زیندەوەران ئائاسایی و جێی سەرسوڕمانە، سکی هەندێک لە زیندەوەرەکان ژمارەیەک زۆر کونی بچوکی بۆ هەناسەدان پێوەیە.
پێت سـەیر نەبێت فیل نێزیکەی ١٠٠ جار لە یەک خولەکدا هەناسە دەدات، کە چـی مشـک ٢٠٠ جار لـە خولەکێکدا هەناسە دەدات.
ئەو ئۆکسجینەی کە زیندەوەران هەڵیدەمژن زۆر پێویسـتە بۆ ئۆکساندنی ئەو خۆراکە کە لەش پێویسـتی پێیەتی. هەروەها لەشـی زیندەوەران بەهۆی هەناسەوە لە پاشەڕۆکانی ڕزگاری دەبێت.

## ئەگەر لاپتۆپت هەیە ئەم ڕێنوێنییانە وەرگرە

شنە - کەرکووک



**کۆمپیوتەری** سەر کۆش (لاپتۆپ) چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە لە کۆمپیوتەری سەر مێز (دیسکتۆپ) جیای دەکەنەوە، لەوانە: تەنکی لە قەبارە و سووکی لە کێش، ئەمانەش وا دەکەن بەردەوام بەدەستمانەوە بێت و بۆ هەر شوێنێ بچین لەگەڵ خۆمانی بگوێزینەوە، بۆیە زیاتر پێویستی بە خاوێنکردنەوە و گرنگیدان هەیە:

١- نابێ بە هیچ شێوەیەک پاککەرەوەی ئاوەکی بۆ خاوێنکردنەوەی بەکار بهێنیت.

٢- نابێت بە هیچ شێوەیەک سپرای بە کیبۆردەکەدا بکەین.

٣- دەکرێت بە لۆکەیەکی تەڕ شاشە خاوێن بکرێتەوە و هەر بە لۆکەیەکی خاوێن وشک بکرێنەوە.

٤- نابێت بەهیچ شێوەیەک ناوەوەی کۆمپیوتەرەکەت پاک بکەیتەوە.

٥- خراپ نییە بۆ خاوێنکردنەوەی چوارچێوەی لاپتۆپەکەت سوود لە لۆکە وەربگریت.

٦- ئەگەر لاپتۆپەکەت خستە نێو جانتا پێویستە پشتی لاپتۆپەکە (ئەو شوێنەی فیشەکان لێی جێگیرن) بەرەو خوار بێت.

## نیشانەی (✓) و (X) لە کۆتای ئەم ڕستانەدا دابنێ

ئافراسیاو - بەغدا

- دار لە ئاو سووکترە بۆیە ژێر ئاو ناکەوێ.
- سەرچاوەی سروشتیی ڕووناکی کارەبایە.
- دۆلفین گیانلەبەرێکی شیردەری نێو ئاوە.
- لقی دار زەیتوون هێمای ئاشتی و ئاوەدانییە.
- خڕۆکە سپییەکان کاریان لەنێوبردنی میکرۆبە کە دەچنە خوێنەوە.
- ١ گێگا بایت ١٠٢٤ مێگابایتە.
- یەکەم پاڵەوانیی زۆرانبازی. جیهانی ساڵی ١٩٢٧ ئەنجام درا.
- یەکەم مۆبایل ساڵی ١٩٩٥ لە سوید دروست کرا.





## کۆمپیوتەر

ماردین - سلێمانی

### تەختەکلیل (KEYBOARD)

تەختە کلیل پارچەیەکی تری هاردوێرە کە ناتوانین دەستبەرداری بین ، ئەم تەختەیە کۆمەڵگەلێک دوگمە لە خۆ دەگرێت بۆ ئەنجامدانی بەشێکی زۆر فەرمانەکانی بەرنامەی ویندۆز ، وەک نووسین و ژمێریاری و گۆڕینی زمانی نووسین و زۆرێک لە فەرمانەکانی دیکەی ویندۆز .

شێوازی زۆر هەیە لە تەختە کلیل :

ئاسایی ، نایلۆنی ، بێ تەل ، لێزەری .



## یەکەم ژمارەی حاجیلەم خوێندەوە

دیمانە : شەپۆل



ناو: زیلان سامان

تەمەن : ١١ ساڵ

پۆل : حەوتی بنەڕەتی

قوتابخانە : مەستورە

ئارەزوو : هونەری مۆسیقا و کۆمپیوتەر .

ئاواتت ؟ : ئاواتم ئەوەیە لە دوارۆژدا ببم بە دوکتۆری چاو و خزمەت بە گەلەکەم بکەم .

کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەی ؟ : بە خوێندنەوەی گۆڤاری منالآن و چیرۆک .

نیان جەباری – کەرکووک

# بۆچی شێوەی مانگ دەگۆڕێ؟





**مانگ** بەدەوری زەویدا دەسووڕێتەوە.
سووڕانەوەی مانگ بەدەوری زەویدا مانگێک دەخایەنێت.
تیشکی خۆر نیوەی رووی مانگ رۆشن دەکاتەوە، نیوەکەی تری هەر سێبەرە. رووە رۆشنەکەی مانگ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە رووی مانگ وا دەردەکەوێ، کە گۆڕاوە.
بەهۆی ئەو گەشتانەی زانایان بەکەشتیە ئاسمانییەکان ئەنجامیان داوە، زانیاریی زۆرمان دەربارەی مانگ دەست کەوتووە.
زانایان بەچی گەشتی سەر مانگ دەکەن؟
لەسەر مانگدا نە هەوا و نە ئاو و نە بەرگەهەوا هەیە.



رووی مانگ بەژمارەیەکی زۆری کون داپۆشراوە، کە پێیان دەگوترێت (لوولەکان) ئەم لوولانەش لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی تەنە ئاسمانییەکانەوە دروست دەبن کاتێک لە بۆشایی گەردوونەوە دێن و بەر رووی مانگ دەکەون.
کاتێک گەشتیاران دابەزینە سەر رووی مانگ، پۆشاکی تایبەتیان پۆشیبوو، کە بەپۆشاکی گەردوونی ناسراوە و لە هەناسەداندا یارمەتییان دەدات.










بەهرە جەبار – سلێمانی




# کۆرالاین



**کۆرالاینی** تەمەن ١١ ساڵ، کچێکی زیتەڵ و جوانە، حەزی بە سەرکێشییە، رۆژێکیان لە نێو خانووە تازەکەیاندا دەرگاییەکی نهێنی دەدۆزێتەوە و دەچێتە جیهانێکی خەیاڵییەوە کە دایک و باوکی لێیە بەڵام راستی نین، کۆرالاین زۆری پێخۆش دەبێت، لەبەر ئەوەی دایکە تازەکەی زۆری خۆش دەوێت و کاتێکی زۆریشی لە گەڵدا بە سەر دەبات، بە پێچەوانەی دایکە راستەقینەکەی کە هەمیشە سەرقاڵی ئیشوکارە، بەڵام وردە وردە ژیانی بەرەو ئاکارێکی ترسناک دەروات کاتێ رێگری لێدەکەن لە گەرانەوەی بۆ نێو جیهانە راستەقینەکەی خۆی.

بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٩.
**دەرهێنانی**: هنری سیلک.
**نووسینی**: نێیل گایمان، هنری سیلک
**دەنگەکان**: داکۆتا فانینگ، تێری هاتشەر، جێنیفەر ساوندەرز.
**داهات**: ٧٥ ملیۆن دۆلار.












# کێبەرکێی پەلکەزێڕینە

ئا : سیپان سەروەر


















# ئەناناس

ژیلا - چەمچەماڵ



**ئەنانـاس** میوەی ناوچە گەرمەسێرەکانە و تامی لە نێوان ترش و شیریندایە. ئەنانـاس جۆرێکە لە میوەی خۆراکی، شـوێنی بنەڕەتی خـوارووی بەرازیل و پاراگوایە. میوەی پێگەیشتووی ئەناناس دەوڵەمەندە بەڤیتامینەکانی جۆری C و B و A و کالیسیۆم و فسفۆر و ئەسیدی ستریک و مادەیەکی تێدایە بەناوی «برۆملین»، کە بۆ یەکەم جار لە سـاڵی ١٩٨١دا دۆزرایەوە، دەرمانێکی زۆر بەهێز و کاریگەرە بۆ دەم و ددان و سووتان و نەخۆشییەکانی ژنان.

لە ئەنانـاسـی تازە پێگەیشـتوودا شـلەیەکی زۆر بەنرخ هەیە بەنـاوی «پاپاین»، کە دیوارەکانـی گەدە بەهێـز دەکات، لە ئەفریقیا بۆ چارەسـەری هەمـوو جۆرەکانی ژەهراوییبوون کەڵک لە ئاوی ئەناناس وەردەگرن، هەروەها یاریدەدەرە بۆ چارەسەری دواکەوتنـی سـووڕی مانگانە. میوەی ئەنانـاس لەو جۆرە میوانەیـە، کە خواردنی کەمێک ئاسـان نییە، بەڵام بەهۆی سـوود و تایبەتمەندییە باشەکانی لە سەرتاسەری دنیا بەرێژەیەکی زۆر بەکاردەهێنرێت و چاوپۆشی لە زەحمەتەکەی دەکرێت.

# کووزەڵە

ئا: پێباز لوقمان-هەولێر

**کووزەڵە** ١٠-٦٠سم بەرز دەبێتەوە و گەڵاکانی سەوزی تێرن. لە سەرەتای بەهاردا لە کوێستانەکان و لە ناوچە گەرمەکاندا لە ناوەڕاستی پایزەوە تا سەرەتای بەهار سەوز دەبێـت. لە ئاوی مەنگ و زۆنگ و دەراوی کانی و لێواری چۆم و ڕووبارەکاندا دەڕوێت.

کووزەڵـە وێـڕای ئەوەی تامی خۆشـە و تـا رادەیەکیـش تیژە، وەک سەوزەکانی تر لەسەر خوانی نانخواردن دەبینرێت و کانزای (گۆگرد و سـۆدیۆم و یۆد و کالسیۆم)ی تێدان. بە خۆراکێکی زۆر بەسوود دادەنرێـت. زۆر دەوڵەمەندە بە ڤیتامین بی و پێویسـتە بۆ ژنانی شیردەر، چونکە ڕێژەی شیر زیاد دەکات، لە هەمان کاتدا ڕێگرێکی بەهێزە بۆ تووشبوون بەنەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک. هەروەها دەبێتە هۆی میزکردنی زۆر و قـوم و بەرد فڕێ دەداتە دەرەوە و ڕێژەی شەکر لە خوێندا دادەگرێت و بەکوڵاویش چارەسەری زەردوویی دەکات.

ئەگەر دەسـکێک کووزەڵە لەگەڵ شـەمێ و هەنگویندا بکوترێت و بکرێتە هەویر بۆ جوانکردنی پێسـتی دەموچاو و نەهێشتنی چرچ و لۆچی زۆر بەسوودە.



# دوژمنی سپی

و: بێلان شەریف – ڕەحیماوا



**زۆربەمان** ڕۆژانە ٩ گم خوێ دەخۆین، لەکاتێکدا جەستەمان لە ڕۆژێکدا تەنیا پێویستی بە ٥ گرامە. ئەگەر لەوە پتر بخورێت، ئەوا دەرفەتێکی باش دەدات بەخوێ تاکو چالاک بێت و ڕۆڵی خراپی خوێ ببینێت. خوێ زیان بەدڵ دەگەیەنێت و یادەوەریمان تێکدەشکێنێت و لە کاتی خەودا قورگمان وشک دەکات. کاریگەریی مەترسیی خوێ لە دوای ٣٥ ساڵییەوە بەدیار دەکەوێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەوی لە خوار ئەم تەمەنەوەیە خوێ زۆر بخۆن، بەڵام پاش ئەم تەمەنە بەرگریی لەش کەم دەبێتەوە و نیشانە خراپەکانی بەدیار دەکەون، بەتایبەت هەستکردن بەتەمەڵی و ئارەق ڕشتنی زۆر و زوو ماندووبوون.

## وردبوونەوە

هێشوو نەسرەدین-سلێمانی- توی مەلیک

دوو ژمارە هەن کۆیان بکەینەوە ١٧ دەکەن. کەچی لێکیان بدەین ١٦ دەکەن ئایا ئەو دوو ژمارەیە چەندن.

# قەبارەی مێشک پێوەندیی بە ژیرییەوە نییە

ئا: شێروان محەمەد



زانایانی زانکۆی (شاژن ماری) لە لەندەن ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکیان بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئاماژەیان بەوە داوە کە قەبارەی مێشک هیچ پێوەندییەکی بە ژیرییەوە نییە و دوور نییە مێروویەکی بچووک گەلێک لە ئاژەڵێک ژیرتر بێت کە بە قەبارە هەزاران جار لەخۆی گەورەترە.

لێکۆڵینەوە نوێیەکان هاوئاکام بوون لەگەڵ دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، و ئاماژەیان بەوە داوە، کە قەبارەی مێشکی مرۆڤی ملیۆنان ساڵی پێشوو گەورە نەبووە، بۆیە زانایان پێیان وایە قەبارەی مێشکی مرۆڤ لە کاتی گەشەکردن و پێشکەوتندا بەرە بەرە، بەرەو بچووکی دەڕوات.

زانایان ئەوەشیان ڕوون کردووەتەوە، کە کێشی مێشکی نەهەنگی پێگەیشتوو ٩ کیلۆگرامە و ٢٠٠ ملیار خانەدەماری تێدایە، کەچی کێشی مێشکی مرۆڤێکی پێگەیشتوو (١،٢٥ – ١،٤٥) کیلۆگرامە و ٨٥ ملیار خانەدەماری تێدایە.



# برووس لی

سیفەر یوسف- لەیلان



**برووس لی** لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٠دا لە نەخۆشخانەی چینی لە ویلایەتی سان فرانسیسکۆی ئەمەریکا لەدایک بووە. ناوی ڕاستەقینەی (لی جۆن فان)ـە. ساڵی ١٩٤١دا خانەوادەکەی گەڕانەوە زێدی خۆیان و لە کاوڵوونی هۆنگ کۆنگ نیشتەجێ بوون. برووس لی هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە سینەما دەرکەوت و لە پتر لە ٢٠ فیلمی جیاجیادا بەشدار بوو.

برووس لی ساڵی ١٩٦١ چووە زانکۆی واشینگتۆن و لە سیاتڵ فەلسەفەی خوێند. نێزیک لە زانکۆکەش قوتابخانەیەکی کۆنگفۆی دامەزراند لە ساڵی ١٩٦٤یشدا قوتابخانەی دووەمی لە ئۆکلاند دامەزراند. هەر لەو ساڵەدا لیندا ئیمەرزی ئاشنا و دۆستی خواست.

لە ڕۆژانی بەڕێوەبردنی قوتابخانەی ئۆکلاند، یەکێتیی کۆنگفۆی چینی کێشەی ئەوەیان بۆ دروستکرد، کە نابێت لە چینییان زیاتر کەس فێری هونەرەکانی کۆنگفۆ بکات، ئەگەر نا ئامادەبێ ڕکابەرییان بکات.

برووس لی ڕکابەرییەکەی قبووڵ کرد، هەرچەندە لە ماوەی دوو خولەکدا بەسەر ڕکابەرەکەیدا سەرکەوت، بەڵام لای وابوو کاتێکی زۆری خایاندووە و نەدەبوو هێندەی پێ بچێت.

هەمیشە فیلمەکانی چاکترین داهاتیان وەدەست هێناوە، ئەمەش هۆلیوودی ناچار کرد پاڵەوانێتیی فیلمی Enter the dragonی پێ بدات وەک یەکەمین پاڵەوانی چینی لە فیلمێکی ئەمەریکاییدا، بەڵام برووس لی ئەو فیلمەی نەدیت و سێ هەفتە بەر لە پیشاندانی لە سینەمادا لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا تووشی خوێنبەربوونی مێشک هات و بەمردنێکی ناکاو لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٧٣دا گیانی لەدەست دا.

# جۆدۆ

پیرۆت نادر – قەڵادزێ

جۆدۆ هونەرێکی جەنگییە، لە یاریی زۆرانبازی دەچێت. بەهۆی جوولەکانی جەستە و پارسەنگ ڕاگرتن و هێزی هەردوو دەستەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێت. لەم یارییەدا چوار قۆناخ هەیە: قۆناخی ئامادەکاری، قۆناخی سەرەتایی، قۆناخی پێش کۆتایی، قۆناخی کۆتایی.

پێویستە یاریزانی جۆدۆ چاکەتێکی نەخشین و پانتۆڵێکی سپیی قایمی قوماش لەبەر بکات. یاریزانە سەرەتاییەکان پشتێنی سپی و پسپۆڕانیش پشتێنی ڕەش دەبەستن، یارییەکان لەسەر ڕاخەرێکی تایبەتی کە ڕووبەرەکەی ١٠م٢ بەڕێوە دەچن یاریچی ئەگەر دەستی جوانی وەشاند یان بەرامبەرەکەی بەرز کردەوە یان بۆ ماوەیەک بەچۆک خۆی ڕاگرت ئەوە بەبراوە دادەنرێن.

بارەگای یەکێتیی نێودەوڵەتیی جۆدۆ، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسایە.

# جوگرافیای وڵاتان



ڕۆشنا کەرکووکی

## ئەرجەنتین






**هەڵکەوتەی جوگرافیایی:** ئەرجەنتین دەکەوێتە کیشوەری ئەمەریکای باشوور. زەریای ئەتلەسی و ئۆرگوای و بەڕازیل لە ڕۆژئاوا. پاراگوای و پۆلیڤیا لە باکور، شیلی لە ڕۆژئاوا و باشوور دەوریان داوە.

**ڕووبەر:** ٢ ملیۆن و ٧٨٠ هەزار و ٤٠٠ کیلۆمەتری دووجا.**ژمارەی دانیشتوان:** ٣٧ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس.

**چڕیی دانیشتوان:** هەزار و ٣٠٥ کەس لە کیلۆمەترێکی دووجادا.

**پێکهاتەی ئایینی:** ٩١٪ کریستیانی کاسۆلیک، ٩٪ جۆراوجۆر.

**پایتەخت:** بۆینس ئایریس (١١ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەسی تێدا دەژی).

**گرینگترین شارەکانی:** کۆردۆبا، ڕۆزاریۆ، لابلاتا.

**جۆری دەسەڵات:** سەرۆکایەتیی دیموکراسیی فرە حزبی.

**دراو:** پیزۆی ئەرجەنتین.

**زمان:** ئیسپانی.

**گرینگترین هەناردەکانی:** دانەوێڵە، ئالیکی ڕەشەوڵاخ، ڕۆنی ڕووەکی، ئاسن، پۆڵا، گۆشتی ڕەشەوڵاخ، کەرەستەکانی گواستنەوە.

**گرینگترین هاوردەکانی:** کەرەستەکانی پیشەسازی، پێد ا و یستییە کا نی گواستنەوە، پلاستیک، بەروبوومە کیمیاییەکان، بەروبوومەکانی نەوت.

**کات:** گرینچ +٣

**مێژووی بەئەندام بوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان:** ١٩٤٥

**ڕیزبەندەکان:** شەشەمی وڵاتانی دنیایە لە بەرهەمهێنانی مەی و پەروەردەکردنی مانگا و بەرهەمهێنانی گەنمەشامیدا. دەیەمی وڵاتانی دنیایە لە بەرهەمهێنانی چا و سێزدەیەمە لە بەرهەمهێنانی قامیشی شەکر و چواردەمین وڵاتی دنیایە لە پەروەردەکردنی مەڕوماڵاتدا. لە بەرهەمهێنانی گەنمیشدا لە ڕیزبەندی پازدەمیندا دێت، ڕیزبەندی نۆزدەیەمیشی لە بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیدا داگیر کردووە.









## قەقنەس

گلارە یوسف - بنەسڵاوە



**باڵدارێکی** خەیاڵییە و لە ئاگردا دەژێت. قەقنەس لە ئەدەبی کوردیشدا زۆر ناوی هاتووە، گوایا ئەو دەمی مەرگی نزیک دەبێتەوە خۆی هەڵدەداتە ناو بڵێسەی ئاگرەوە و کڵوکۆی دادەمرکێتەوە و لەگەڵ پوونی بەخۆڵەمێش ڕۆحی بەبەردا دێتەوە و ٥٠٠ سالی تر دەژێت. ئەم باڵندەیە هێمای شارستانیی فینیقییەکان بوو. قەقنەس باڵندەیەکی ئەفسانەییە و بەخزمەتکاری خوداوەندی خۆر (ئەپۆلۆ) ناسراوە. هەموو بەیانییەک لە ناو ئاودا خۆی دەشوا و ئاوازێکی هێند دلڕفێن دەچرێت، خۆر لە تاواندا گالیسکەکەی خۆی دەوەستێنێت بۆ ئەوەی گوێ بۆ ئاوازەکەی هەڵخات.لە هەر سەردەمێکیشدا تەنیا یەک قەقنەس دەژێت. یۆنانییەکان پێیان وابوو قەقنەس لە عەرەبستاندا لە ناو چاڵێکی فێنکدا دەژێت. لە ئەفسانەکانی ڕۆمی و یۆنانییشدا قەقنەس هێمای نەمری و ژیانەوەیە.

## سیخوڕ

یارە شاڵو - هەولێر

سیخوڕ گیانداریکی شیردەری دڕکاوییە و لە شێوەی ژووشکە. بەڵام قەبارەی گەورەتر و کێشی لە ٨ - ١٥ کیلۆ دەبێت. لەشی بەدڕک داپۆشراوە، کە لە شێوەی سووژنن و نووکیان تیژە. لە نێزیک کلکییەوە ١٥ – ٢٠ پەڕی ناو بۆش هەن لە شێوەی قامیش، بەهۆی ئەو پەڕانەوە ئاو بۆ بێچووەکانی دەگوازێتەوە.

سیخوڕ لە ڕۆیشتن و ڕاکردندا گورجوگۆڵ و خێرا نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پەلەکانی زۆر کورتن، سیخوڕ لە ڕۆژدا بەدەگمەن دەردەکەوێت. بۆ گەڕان بەدوای خۆراکدا کەڵک لە تاریکیی شەو وەردەگرێت و بینینی زۆر دەگمەن و ئەستەمە. سیخوڕ لە شاخ و بەندەنان و کونەشاخاندا لانە دادەنێت، خۆراکی سەرەکیی گژوگیا و بەروبوومی هەندێک ڕووەکی کێوییە. ماوەی سکپڕیی سیخوڕ ٤٠ ڕۆژە و ٢ – ٤ بێچووی دەبێت و تەمەنی لە نێوان ٧ – ١٢ ساڵدایە.





## بەنداوی دووبز

**هێژا کەمال – بنەسڵاوە**

ئەم بەنداوە دەکەوێتە دووریی ٥٠ کـم لــە باکــووری ڕۆژئــاوای کەرکووک و لەسەر ڕووباری زێی بچووک لە ڕۆژهەڵاتی شــارۆکەی دووبز، کە کۆمپانیای نەوتی باکوور ناوی لێ ناوە (نمرە ٨) دروست کراوە. ســاڵی ١٩٦٢ لەلایەن چەنــد کۆمپانیایەکی ڕووســیاوە دروســت دەکرێت و قەبارەکەی ٥٨ ملیۆن مەتری ســێجا ئاو دەگرێت و لە ساڵی ١٩٦٥دا تەواو دەبێت.

مەبەستی دروستکردنی بەنداوەکە ئەم هۆیانەن:

١. بۆ گلدانەوە و کۆکردنەوەی ئاوی ڕووباری زێی بچووک.

٢. بەرزکردنەوەی ئاســتی ئاوی ڕووبارەکە، تاکو بتوانرێت ئاوی پێویست بدرێتە کەناڵ وجۆگەلەکانی پرۆژەی ئاودێریی کەرکووک.

٣. دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری کەرکووک.

٤. ئاودێریی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە.

٥. بەکارهێنانی لە هەڵێنجانی نەوتدا لە بیرە نەوتەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور.

دەکرێت پەرە بەم پرۆژەیە بدرێت و ببێتە یەکێک لە شوێنە گەشتیارییە هەرە خۆشەکانی شاری کەرکووک.

## شاری خورماتوو

**ڕێژین کەرکووکی**

**شـاری** خورماتووی لە پێشدا ســەر بەپارێزگەی کەرکووک بوو و ئێستا ســەر بەپارێزگەی تکریتە، خورماتوو لەســەر ڕێگەی کەرکووک – بەغدایە. ســاڵی ١٩٩١ پاش ڕاپەڕینە پڕ شــکۆکەی بەهاری ئەو ساڵە نازناوی بووکی حەمرینی پێ بەخشرا. ســاڵی ١٩٧٦ بەبڕیاری حکوومەتی بەعسی فاشیست خورماتوو لە کەرکووکی دایک دابڕا و خرایە ســەر پارێزگەی تکریت. شــارێکی فرە ئەتنییە کورد و تورکمان و عەرەبی تێــدا دەژین. خورماتوو لە چوار شارەدێ پێک هاتووە:

قادر کەرەم و نەوجوول و سلێمان بێگ و ئامرلی.

سەرەتای دروستبوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لۆلۆ و گۆتییەکان.

یەکێک لەو دیاردە جوانانەی شارەکەی جوانتر کردووە تێپەڕینی ڕووباری ئاوەسپییە بەناو شارەکەدا، هەروەها بوونی خوێڵێنێکــی (مملحە) گەورە، کە خوێیەکی باش بەرهەم دەهێنێت



## دار هەنارەکە

**سارا حەمید زەنگنە-کەرکووک**

**دوای** ئــەوەی کە لەگەڵ باوکمدا چووم بۆ دارســتان، دیمەنی جوانی دارســتان هەموو بیر و هەســتی بردم و بەتەواوی ســەرنجی ڕاکێشابووم، خۆشحاڵ بووم لەناو دارســتانەکەدا دار هەنارێکــی گەورە و جــوان هەبوو، هەنارێکــی زۆری گرتبــوو، زۆر حــەزم دەکــرد لێیان کەمەوە بەڵام هەرچەندم کرد بــۆم لێنەکرایەوە چونکە هەرخۆم بووم.

باوکم چووبــوو بۆ دووری دارســان و گوتی: ئێســتا دێمەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە دارەکە ببڕمەوە، چووم تەورێکم هێنا و هاتــم لە ناوقەدەوە دارەکە لێ بکەمەوە. بــەڵام دار هەنار هاتە وەڵام و گوتــی: نا نا نەکەی ئەوە چی دەکەی، بۆ من دەبڕیتەوە؟!

–ئاخر زۆر حەزم لە هەنارە.

ئێ زۆر باشــە دەتوانیت هەرکاتێــک باوکت هاتەوە لە لقەکانمی بکەیتــەوە، چونکە ئەگەر لقەکانم ببڕیتەوە یان میوەکەم بەقەدمەوە لێکەیتەوە ئەوە بەرە بەرە میوەکانی قەدم زیاتر دەبێت و یان لقەکانم ببڕیتەوە ئەوە لقەکانیشم دیســان چرۆ دەکەن و گەشــە دەکەن و بەرهەمم زیاتر دەبێت، بەڵام گــەر من لە ناوقەدەوە ببڕیتەوە ئەوە پاش چەند ساڵێک ئینجا پێ دەگەم، بۆیە من دارێکی گەورەم و بڕینەوەم زۆر زەحمەتە، پێویستە لەسەر هەموو خەڵک کە هەرگیز داری پێگەیشــتوو و ئەو دارانەی بەرهەمیان باشە نەبڕنەوە چونکە دار هەوا گۆڕکێیەکی باش دەکات، سیمای گشــت شــوێنێک جوان دەکات و سەوزییەکەی دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش دەدات بەگشت شوێنێک.

منیش زۆر سوپاســی دارم کرد بۆ ئەو هەموو زانیارییە و بەڵێنم دا هەرگیز داری بەردار و بەسوود نەبڕمەوە.



## ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە بەم ئاژەڵانە پڕ بکەرەوە

**خەدیجە جەلال-کۆیە**

– بەوەفایە وەکو.........
– بەجەرگە وەکو.........
– ئازایە وەکو ............
– فێڵبازە وەکو..........
– سپڵەیە وەکو..........
– بزێوە وەکو...........
– چەمووشە وەکو..........
– زلە وەکو ............
– زیرەکە وەکو.........
بێ عەقڵە وەکو.........

هێســتر. حوشــتر. مەیموون. بزن. گــورگ. کەر.
سەگ. شێر. ڕێوی. پشیلە



# کەرەسەی دەلاکی

دلۆڤان گەرمیانی - کەرکووک

**لە کۆنەوە** مرۆڤ گەلێک کەرستەی بۆ ڕیش تاشین بە کار هێناوە، گرینگترینیان بریتی بووە لە بەکارهێنانی جۆرە بەردێکی گرکانیی تەنکی کون کون، دواتر کەرەستەی ڕیش تاشین لە فەرنسا ساڵی ١٧٦٢ سەری هەڵدا، کە بریتی بوو لە پارچەیەکی درێژ لە ئاسن یان مس یەکێک لە لاکانی تیژ دەکرا و بەهۆی پارچە چەرمێک کەلایەکی لە دیوار قایم دەکرا دەمەزەرد دەکرایەوە، بەڵام بە کارهێنانی پڕ بوو لە مەترسی بەهۆی نەزانی و کەم ئەزموونی لە بە کارهێنانیدا تا ساڵی ١٨٩٥ (کنگ کامپ جولێت) ڕوومەتی خۆی پێ بڕی، بۆیە بیری لە جۆرە شتێک کردەوە، کە یەکجار بەکار بهێنرێ و فڕێ بدرێ، وای هات بە بیردا، کە جۆرە مووسێک لە پۆڵا دابهێنێ لایەکی تراشی پێ بکرێ و لەسەر بنکەیەکی ئاسن جێگیر بکرێت و دوای بەکارهێنانی فڕێ بدرێت، (ولیام نیکرسۆنی) میکانیک توانی ئەم بیرۆکەیە بە ئەنجام بگەیەنێ و جۆرێک لە مووس دروست بکات، دواتر جۆلێت کەرەسەی جێگر کردنی مووسەکەی داهێنا و لە ساڵی ١٩٠٣ کۆمپانیایەکی بۆ دروست کردنی کەرەسەی دەلاکی دامەزراند، هەرچەندە لە ساڵی یەکەمیدا تەنیا ٥١ مەکینە و ١٦٨ مووسی فرۆشت، بەڵام ساڵانی دواتر ڕەواجێکی چاکی بەهۆی شارەزا بوونی خەڵکی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی پەیدا کرد، لە ساڵی ١٩٢٨(جاکوب شیک)، کە ئەفسەرێکی ئەمەریکایی بوو بە کارهێنەرێکی ئامێری کارەبایی ڕیش تاشینی داهێنا لە ساڵی ١٩٣١ کەوتە بەرهەمهێنانی، بەڵام ئەو ڕەواجە بازرگانییەی جۆلێتی نەبوو، کە بەپێی پێویستییەکان گۆڕانی بەسەرخۆدا دەهێنا و لەگەڵ سەردەمدا دەگونجا.

# پیاز یان سێو

بروا باپیر - هەولێر

**بەڕای** ئێوە سێو بەسوودترە یاخۆ پیاز؟ زۆر کەس وا دەزانن ئەوی دار سێوێکی هەبێت ئەوا لاوێتی و گورجوگۆڵی دەپارێزێت، چونکە سێو ڤیتامینی زۆری تێدایە. وەلێ سەرت سووردەمێنێت کاتێک بزانیت ئەو ڤیتامینەی لە پیازێکدا هەن هاوتای ڤیتامینی نیو ٢٠ سێوە. پیاز دوورمان دەخاتەوە لە تووشبوون بەنەخۆشیی شێرپەنجە. تۆژینەوە زانستییەکان دەریان خستووە خواردنی پیاز و سیر لە شێرپەنجەی گەدەمان دوور دەخەنەوە. هیرۆدۆتی مێژوونووسی یۆنانی دەڵێت میسرییەکان ئەو هێزەیان بۆ دروستکردنی ئەهرامەکان لە خواردنی سیر و پیازەوە بەدەست هێناوە.



## هەڵبینە



- گیانی نییە و پێشت دەکەوێ — گاڵۆی
- پێنج دەستی هەیە، بێ ئێسک — دەستکێش
- تا نەیکێشی بەسەریدا ناجوڵێ — بزمار
- ڕقت لێیەتی و سەردانیت دەکات — مردن
- سەری مەبڕە و بیخۆ — ماسی

## ئایا دەزانی؟

- هەنگ پەنجا چاوی هەیە
- جەستەی مرۆڤێکی تەندروست ٦ لیتر خوێنی تێدایە
- نزیکەی ٦٠٠٠ جۆر سێو لە جیهاندا هەیە
- نەهەنگ ٣٠٠م دەچێتە قوڵایی دەریاوە



## بۆ زاخاوی مێشك

کوردستان محەمەد - کەرکووک



بەم وشانە ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە

بەرد ، کۆن ، کوێر ، سەگ ، کل

- ژنی پیاوی............ ئارایشی ناوی.
- سەری خۆی دا لە..............
- کای............. بەبا مەکە
- کلکی لە............کەمترە
- ............ لەچاو دەرفێنێ

## بمڕەنگێنە

لەرین – سلێمانی



## بمگەیێنە

چێنەر – سلێمانی







## قۆناخ بە قۆنا
## وێنە بکێشە

سامالْ میرزا – پیرەمەگرو



بەسۆز – سلێمانی

لەم وێنەیە وردبەروە. تەنها دانەیەکیان سێبەری تەواوی نینجایە. بازنەیەکی بە دەوردا بکێشە.



## زیرەکیی خۆت تاقی بکەرەوە

شلێر نادر - عەربەت

- مامی برازاکەت کێیە؟
- خوشکی خاڵتە و پوورت نییە. چیت دەبێ؟
- خوشکمە لە دایکمە. ئامۆزامە ژن برامە.

## گوتەی نێوداران

؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

- عیشق ئەو هێزەت دەداتێ کە بڵێی بمبورە.

کەن بلانچارد

- بەپێوە بمری لەوەی بژی و کورنووش بەری.

ئالبێر کامۆ

- ئەوەی خۆشت دەوێ جوانە.

جین ئاتۆبێڵ

- مرۆڤی بوێر یەکجار دەمرێ بەڵام. ترسنۆک هەزار جار.

ئالین چانگ

- هونەر هێز نییە. حەسانەوەیە.

تۆماس جان

- قسەی جوان دڵ راو دەکات.

سوقرات

- لە تەنیاییدا دەنگەکان ئاوازێکی تریان هەیە.

نیتشە

## من چیم

ئا: سەیران ساڵح

سەوز بە گرووپــی رووەکــە رۆندار و هەمیشە سەوزەکانم. لە کۆنترین جۆری ئەو رووەکانەم کە مرۆڤ ناسیویەتی و بۆ خواردن و بە مەبەســتی چارەسەری بەکاری هێناوم. لە رووەکە بەتەمەنەکانم و لــە قورئاندا ناوم بە درەختە پیرۆزەکە هاتـــووە، چونکــە بــەر و رۆن و گەڵا و دارەکــەم ســوودیان هەیــە، بەرەکــەم پــاش مراندنــی لــە خواردەمەنییە زۆر بەسوودەکانە. رۆنەکەشم بەناوبانگترین رۆنە لە رووی تەندروســتییەوە، چونکە کۆلیســترۆڵی تێدا نییە، داری قەدیشم بۆ دروستکردنی پەیکەری دار و گەڵاکەشم لــە پیشەســازیی دروســتکردنی بۆندا بەکاردەهێنرێ.

بــە کورتی، بەرەکەم هەمــوو ئەو جۆرە ڤیتامینانەی تێدایە کە مرۆڤ پێویستیەتی و پسپۆرانی بوای جوانکاریش رۆنەکەم بــۆ بەهێزکردنــی قــژ و بریقانــەوەی بەکاردەهێنن. ئێستا زانیت من چیم؟



## بیگەیەنە

لە خاڵە رەشەکەوە رێ بکە تا خاڵە شینەکە

پێشرەو - سلێمانی



## وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل١١
وەڵامی خەڵاتی حاجیلە : ناوە
بە رێگەی تیروپشک بەر هاورێمان (؟؟؟؟) کەوت لە.

ل١١
مەتەڵ : بزمار

ل٣٢
سێو:

ل٣٤
: ئاسۆیی ریزی دووەم گۆشە ٥ بکە ٣
: چۆلەکە
شقارتە : تەلێک لە نیشانەی کۆیەکە هەڵبگرە و بیکە بە لێدەرکردن بیخە سەر نۆیەکە دەبێت بە ٢٨

ل٣٥
: لاقەکانی
: ژمارە ٤ و ١٠

ل٣٦
شیکاری : سەنگەر
وشەی بزر : گۆران


خاوەنی ئیمتیاز

بەدران ئەحمەد حەبیب

سەرپەرشتیار

مەلا شاخەوان

سەرنووسیار

حەمە سەعید زەنگنە

٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢

hamatal_ z@yahoo.com

جێگری سەرنووسیار

نەبەز رۆستەم

راوێژکار

رێواس ئەحمەد

بەرێوەبەری هونەری و نەخشەسازی

پەروەر

تایپ

دلێر رەفیق

ناونیشان

کەرکووک - شەقامی کۆماری

تەلاری صیدلی فخری

## جێگۆڕکێ

جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە شاقووڵی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکەنە ٢١

ئاڤان جەمال - بازیان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 3 | 6 | 1 | 4 | 2 |
| 4 | 4 | 2 | 3 | 5 | 6 |
| 2 | 6 | 4 | 5 | 1 | 3 |
| 3 | 1 | 5 | 2 | 6 | 4 |
| 1 | 5 | 3 | 6 | 2 | 1 |
| 6 | 2 | 1 | 4 | 3 | 5 |

## گەیاندن

کاوە کەریم - تاسلوجە

| | |
|---|---|
| 8 | مەنگ چەند قاچی هەیە |
| 6 | سمێڵی پشیلە چەند تاڵە |
| 4 | مەڕ چەند گەدەی هەیە |
| 6 | مانگا چەند سمی هەیە |
| 6 | مەنگ چەند چاوی هەیە |
| 8 | مێرووله چەند قاچی هەیە |
| 50 | جاڵجاڵۆکە چەند لاقی هەیە |

## یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر - کەرکووک




جێگۆڕکێ بە یەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە ٦ .



## هاوبەشی

دلێر - چەمچەماڵ





لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە .

## شوێن پێی ئەم پڵنگە بدۆزەرەوە.

نەجات عبداللە - کەرکووک



## جیاوازی

گوڵاڵە شیروان - سلێمانی





١٠ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا بدۆزەرەوە.

## وشەی بزر

داستان کەرکووکی

دوای ئـەوەی بە هێڵێکی دروسـت ئـەو نێوانـەی لای خـوارەوە کوێـر دەکەیتەوە، ناوێکت بۆ دەمێنێتەوە لـە حەوت پیتان پێـک هاتووە، برای پێغەمبەر «یوسف»ە (د.خ).

بابـان ، باپیـر ، بـاز ، بادینـان ، بروسـک ، بەنـدەر ، بـەرزان ، بێسـاران ، باخـەوان ، بەرێـز ، بەلێن ، بوار ، بروا ، بێدار .

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | ز | ا | ب | ن | ا | ب | ا | ب |
| ا | ی | ا | ب | ر | ی | پ | ا | ب |
| د | ن | ك | ه | م | ب | ب | ز | ب |
| ی | ا | س | ن | ا | و | ه | ێ | ێ |
| ن | ر | و | د | و | ا | ڵ | ر | د |
| ا | ا | ر | ه | ڕ | ر | ێ | ه | ا |
| ن | س | ب | ر | ب | ن | ن | ب | ر |
| ی | ێ | ن | ا | ز | ر | ه | ب | ن |
| ب | ب | ن | ا | و | ه | خ | ا | ب |

## شیکاری

ناوی یەکێک لە لادێیەکانی کوردستانە. تـۆش لە پاش شیکار کردنی ئازابە و بیزانە.

تانیا وەلی –

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 2 | + | 3 |
| | = | 3 | - | 6 |
| | = | 11 | + | 3 |
| | = | 7 | - | 12 |
| | = | 2 | + | 1 |
| | = | 8 | + | 6 |

| | | |
|---|---|---|
| 14 | = | ڕ |
| 5 | = | خ |
| 3 | = | و |

## شرۆقە

عوسمان –کەرکووک

مرۆڤێکـە نـاوی لـە حـەوت پیـت پێـک هاتووە زانسـت و زانیاری دەبەخشـێتە کەسانی دیکە، بە ژمارەی پیتەکانی ئەم وشەگەلانە دەردەچن:

٥ + ٤ + ٣ + ٢ = سۆما
٣ + ٤ + ١ =مۆم
٣ + ٥ = مس
٦ + ٧ + ٣ = تام

ئایا دەتوانی بە ماوەیەکی کەم ناوی ئەم مرۆڤە بەخشندەیە بدۆزیتەوە؟



## چاوتیژی



ئا: شیلان بەکر

کام لەم دوو بازنە ڕەشانەی سەرەوە قەبارەیان لەوی تریان گەورەترە

کام لـەم راسـتەهێڵانەی سـەرەوە درێژترە لەوی تریان

**سـەرنج** : هەردوو بازنە ڕەشەکان لە قەبارەدا یەکســانن، هەروەها هەردوو راســتەهێڵەکەش لە درێژیدا یەکســانن، بەلام هێڵ و بازنەکانی دەورووبەریان مێشــکت بەلایەکی تردا دەبات و وات لێدەکات بلێیــت لە قەبارە و درێژیدا وەک یەک نین.

## باپێکەوە بیر بکەینەوە

شنروێ محەمەد عەربەت

ژمارەی خەلیفەکانی دەوڵەتی ئەمەوی ١٤ خەلیفە بوون
ئەدی ژمارەی خەلیفەکانی دەوڵەتی عەباسی چەند بوون

بە وڵاخی بەرز واتە ئەسپ و ماین دەگوترێت ١سم
ئەدی بە ڕەشەوڵاخ واتە گا و مانگا دەوترێت چەند سم؟

بەدەنگی ئەسپ دەڵێن حیلە
ئەدی بە دەنگی گا و مانگا چی دەڵێن؟

گورگ لەیەک کاژێردا ٣٥ میل دەبرێت
ئەدی کەروێشکی بەستەزمان چەند دەبرێت

نان لە راست و چەپەوە بیخوێت هەر نانە.
تۆش وشەیەک بێنەوە هاوشێوەی ئەو وشەیە؟

١٧ –٢ –٤٥ – بۆرە



# هاوڕێیانی حاجیله



نیلینا - ڕۆژهەڵاتی کوردستان - سنه



کارزین ئازاد - کەرکووک



حمیده - ئیستەنبول



کۆڤان - کەرکووک



مینا فەوزی - کەرکووک



# پێشانگەی حاجیله





سارا ئیبراهیم
قوتابخانەی ئاسۆس
چواری - أ -





لاڤان فتح الله
قوتابخانەی ئاسۆس
دووی - ب -





لاڤین عبدالله
قوتابخانەی ئاسۆس
سێی - أ -



یوسف محەمەد
قوتابخانەی ئاسۆس
دووی - -





ئیمان لایق
قوتابخانەی ئاسۆس
سێی - أ -

